




## ڤلادیمیر سەرپەرشتی باسکەی دهۆک دەکات

هەر چەندە یانەی دهۆک لە ماوەی ڕابردوودا لەسەر دەستی ڕاهێنەری بەتوانای عێراقی حەمزە عوبێدی ڕاهێنەری باسکەی یانەی دهۆک لە خولی نایابی عێراقدا چەندین ئەنجامی بەرچاوی لەسەر ئاستی عێراق و دەرەوە لەگەڵ یانەی دهۆک بەدەستهێناوە، لە دوو ڕۆژی ڕابردووش بە بڕیارێکی لە ناکاو دەست لەکارکێشانەوەی خۆی لە پۆستی ڕاهێنەرایەتیی یانەی دهۆک پێشکەشی دەستەی کارگێڕی یانەکە کرد لە دوای پێنج ساڵ کارکردن لەگەڵ یانەکە، یانەی دهۆکیش لە شوێنی ئەو ڕاهێنەرێکی سربی بە ڕاهێنەر دەستنیشان کرد، لەم بارەیەوە سەعید ئەحمەد سەرۆکی یانەی دهۆک بەگۆڤاری گوڵانی گوت: بەهۆی نەخۆشی و کاری تایبەت بە خۆیەوە حەمزە عوبێدی ڕاهێنەری باسکەی خولی عێراقی یانەکەمان لەسەر ڕەزامەندی هەردوولامان دەست لەکارکێشانەوەی پێشکەش بەئێمە کردو ئێمەش بە شێوەیەکی ئاسایی پەسندمان کرد، هەرچەندە ماوەیەکی زۆرە لەگەڵ یانەی دهۆک کاردەکات، بەڵام ئەو بڕیارە تایبەتە بەخۆی بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە بە شێوەیەکی فەرمی لە شوێنی ناوبراو گرێبەستمان لەگەڵ ڕاهێنەری بەتوانای وڵاتی سربیا (ڤلادیمین) مۆرکردووە، ئەم ڕاهێنەرە ئەزموونێکی زۆری هەیە لە هەریەك لە خولەکانی وڵاتانی ئێران و لوبنان وسوریا وئوردن مەشقی بە یانەکانی ئەو وڵاتانە داوەتەوە لە بارەی بڕی گرێبەستەکەشی ناوبراو گوتی :هیچ گرێبەستێکی نییە لەگەڵ یانەی دهۆک وەکو پارە جگە لە موچەیەکی مانگانە کە بڕەکەی ٥هەزار دۆلارە .



فرزاد محەمەد یاریزانی

# وەرزشی کۆن تەنیا پێ



**فرزاد یەکێکە لە وەرزشکارە دێرینەکانی شاری دهۆکە لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٥ی هەمان شارە ماوەیەکی زۆر لە خزمەتی وەرزشی پارێزگاکەدا بووەو لەگەڵ چەندین یانە کاریکردوە، ئێستاش مامۆستایە لە چالاکی وەرزشی و دێدەوانی، پێشتر لە یانەی دهۆك لە تۆپی پێ و بۆهەڵبژاردەی پەروەردەی دهۆکیش لە یاریی باسکەی و گۆڕەپان و مەیدان و تۆپی پێ یاری کردووە، لەم دیمانەیەدا وەڵامی چەندین پرسیاری دایەوە.**

*** لە چ ساڵێك هاتیتە نێو دنیای وەرزشییەوە ؟**

- من سەرەتا لە قوتابخانە دەستم بە وەرزشی جۆراوجۆر کرد، بەتایبەتی ئەوکات لە قۆناغی ناوەندی بووم، بەردەوام هەردوو یاری تۆپی پێ و باسکەم دەکرد .

***جیاوازیی وەرزش لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا چۆن دەبینیت ؟**

- ناتوانیت وەرزشی دوێنێ و ئەمڕۆ یەکسان بکەیت، وەرزشی کۆن تەنیا پەیوەندی و خۆشەویستی بوو لە نێوان یاریزانان زیاتر لە جاران، بەڵام ئێستا وەرزش بۆتە پارە و سەرچاوەی کاسبی یاریزانان.


***پێت باشە لە ئێستادا بۆ پێشکەوتنی وەرزش لە کوردستاندا چی بکرێت ؟**

- لە ئێستادا حکومەت بەردەوام هاوکاری وەرزش دەکات،بەڵام شتێکی گرنگتر ئەوەیە کە یانەکان پشت بە ژێرخانی خۆیان ببەستن، چونکە هەتا کەی حکومەت یانەکان بەڕێوە ببات،پێویستە یانەکان خۆیان پێبگەیەنن ئێستا چەندین یانەی بەناوبانگ هەیە وەکو هەولێرو دهۆک و سلێمانی و زاخۆ کە ئەوانیش پێویستیان بە پارەیەکی زۆرە

## دێرینی شاری دهۆك:

# ــــــوەندی خۆشەویستی بوو لە نێوان یاریزانان

دیمانە: کارزان کانەبی



وەکو گرێبەستی یاریزانان و چەندین شتی گرنگتریش.

***بەبۆچوونی تۆ ئێستا کێشە و گرفتی وەرزش لە چی دەبینیت؟**

- سەرچاوەی هەموو کێشەکانی ئێستای وەرزش تەنیا پارەیە.

***هەست ناکەی ئێستا وەرزش بەشێکی زۆری بۆتە پارە ئەگەر پارەت نەبێ کارەکانی وەرزشت پێ بەرێوەناچێت؟**

- لە ئێستا هیچ شتێك بێ پارە ئەنجام نادرێت، پێش هەموو شتێك کە یاریزانەکە قسەی لەگەڵ دەکەیت باسی بڕی گرێبەستەکەی دەکات.

***ئەو یاریزانانە کێ بوون کاتی خۆی لە شاری دهۆك لەگەڵ ئێوە وەرزشیان دەکرد ؟**

- داود رەبەن و هانی عەبدولکەریم رەحمەتی خوای لێ بێت وعەبدوڵڵا سەعید ومحەمەد مەلا ئەحمەد خوای لێ خۆش بێت لە یاری باسکە،حەمید ئەحمەد وجەودەت و رۆبێرت وگەلێك برادەری دیکەیش لە یاری تۆپی پێ لە شارەکەمان بووکە جێگای پەنجەیان دیار بووە.

***یادەوەرییەکی خۆش یان ناخۆش لە وەرزش کردنت ڕویدابێت،کە تاکو ئێستا لە خەیاڵی تۆ دامابێتەوە ؟**

- شتی خۆش ئەوە بوو کە ئێمە وەکو هاوڕێ بەیەکەوە وەرزشمان دەکرد هاوریەتیەکەمان رێك و رەوا بوو، بەڵام ئێستا هاوڕێیەتی هەمووی بەرژەوەندییە، هیچ شتێکی ناخۆش روونەداوە.

***چی بکرێت باشە بۆبەرەو پێشچوونی وەرزش؟**

-پێویستە حکومەت تاڕادەیەکی باش پشتیوانیی وەرزش بێت بۆیانەکان، بەڵام یانەکانیش نابێت بەم شێوەیە هەر پشت بەحکومەت ببەستن، بەردەوام هانی لایەنی پەیوەندیدار بدرێت بۆ دروست کردنی پرۆژەی وەرزشی جۆراوجۆر و کردنەوەی قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزان.

***لە ئێستادا موژدەیەکی خۆش بە وەرزشوانانی دێرین دراوە کە ئەمساڵ مووچەکانیان بۆدەگەڕێتەوە تۆ لەم بارەیەوە چی دەڵێیت ؟**

- کارێکی یەکجار باش بوو بۆباشتر کردنی بژێوی ژیانی وەرزشوانان، موژدەیەکی زۆر باش بوو بۆ وەرزشوانان ئەم رێز گرتنە لە خزمەتی ئەو وەرزشکارانەیە ئەوەش بۆوەرزشوانان گرنگە کە ئەوانیش دەزانن حکومەت چاوی لە خزمەتەکانی ئەوان بوو.بەڵام من پێم باشە وەرزشوانانی شارەکان دیاری بکرێن.

***ماوەیەك لە یانەی پێرس کارت دەکرد بۆچی وازتهێنا؟**

-من ئێستا لە نوێنەرایەتی دهۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان کاردەکەم بۆیە نەمتوانی لەوێ بەردەوام بم لە کارکردن.هەر چەندە زۆریش لە یانەی زێرەڤانی ئێستا پێیان گوتم بەڵام پێم نەکرا.

***هێنانی یاریزانی دەرەوە بۆیانەکانی کوردستان تاچەند سوود بە وەرزشی کوردستان دەگەیەنێ؟**

- لە ئێستادا وەرزش بۆتە ئەنجام نەك پێگەیاندنی یاریزانان هەر ڕاهێنەرێك بێت داوای ئەنجامی لێ دەکەن، ڕاهێنەرەکانیش تەنیا ئەنجامیان دەوێ بۆبەرژەوەندی خۆیان و بەڵام هەرگیز ئەمە نابێتە هۆی پێشکەوتنی ئاستی وەرزشی کوردستان.ئەگەر خولی کوردستان نەبوایە هەر گیز ئێستا وەرزش بەم شێوە نەدەبوو.

***بەرنامەت هەیە بۆباش بوونی وەرزش لە شاری دهۆك؟**

-ئێمە وەکو لایەنی پەروەردەیی هەر لەسەرەتای ساڵ تاکو کۆتایی بەرنامەی تایبەتمان دەبێت بۆپێگەیاندنی یاریزانان لەشاری دهۆك، بەردەوام چالاکیمان دەبێت.

***ئەگەر شتێکت لە کۆتایدا مابێت ؟**

-زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵانی خۆشەویست دەکەم، کە ئەرکتان کێشاوە سەردانی دهۆکتان کردووە بۆبەسەرکردنەوەی وەرزشوانانی دێرین، بەڕاستی جێگای دەستتان دیارە لە خزمەتکردنی وەرزش لە شارەکانی کوردستان بەبێ جیاوازی.

# سێ یاریزانی پیشەگەر پێوەندی بە یانەی هەولێرەوە دەکەن

لە ڕێگــەی فرۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی ســێ یاریزانی پیشەگەر شانبەشانی ڕاهێنەری کرواتی ڕادان و ڕاهێنەری لێهاتووی جەستەیی دالیبۆر گەیشتنە شاری هەولێر.

دوای وەرگرتنی موڵەت بە بۆنەی جەژنەکانی ســەری ســاڵ ڕاهێنەری کرواتی ڕادان سێ یاریزانی پیشەگەری ئەورووپی لەگەڵ خۆی بۆ یانەی هەولێر هێناوە بۆ ئەوەی پەیوەندی بە یانەکە بکەن، کە دوو یاریزانی ڕەگەزنامەی سربین و ئەوەی تریان بۆسنە.

زانیاری تەواو لەسەر ئەم سێ یاریزانە

١-ئەلیکســاندر کۆســۆریچ لە دایکبــووی (١٩٨٧)ی وڵاتی بۆســنەیە درێژی ١٩١ سم و کێشەی ٨٥کگم و لە هێڵی بەرگری دوواوە یاری دەکات.

ئەم یاریزانە لە ریزی هەڵبژاردەکانی بۆســنە خوار تەمەنەکانی (١٥،١٧،١٩،٢١) یاری کردووە و ٥٥ یاری لەگەڵ ئەم هەڵبژاردە ئەنجــام داوە و لە ریزی یانەکانی لە خولی بۆســنە لە ســلاڤیجا سرایڤۆ و لە خولی سربیا لە ریزی یانەکانی پارتیزان و راد بیگۆراد و رادنیکــی یاریکردووە لەم یانانــە ١١ گۆڵی تۆمارکردووە و توانی نازناوی خولی بۆسنە و جامی بۆسنە بە دەستبهێنێت.

٢-مارکۆ ریستیج

لە دایکبووی (١٩٨٧)ی سربیا درێژەی ١٧٩سم و کێشی ٧٢کگم لە باڵی چەپ یاری دەکات سێ یاریی نێودەوڵەتی لەگەڵ هەڵبژاردەی سربیا خوار ١٩ ساڵ یاریکردووە و لە ریزی یانەکانی (مالدی رادنێك، رادنیکی کاراگۆجیفاج) یاریکردووە شەش گۆڵی تۆمارکردووە.

٣-بۆجان بیلجیج

لە دایکبووی ساڵی (١٩٨٥)ی ســربیا کێشی ٧٤کگم و درێژی ١٧٥ســم لە هێڵی ناوەڕاست دروســتکەری یاری و هێڵی هێرشبەر باڵی راســت یــاری دەکات لە ریــزی هەڵبژاردەی ســربیای خوار تەمەنــی (١٩،٢١) یاریکردووە لە خولی ســربیا لە ریزی یانەکانی (جاگۆدینا،بیوگــراد، ســلۆبۆدا پۆینت) یاریکــردووە ٣٣ گۆڵی تۆمارکــردووە و هەروەها لە ســاڵی ٢٠١١-٢٠١٢ لە خولی ئێران لە ریزی شهرداری تبریز یاریکردووە.



# کەیوان نازناوی تایکواندۆی کوردستانی بەدەستهێنا

وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی و بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی یاری تایکواندۆ لە شارەکانی کوردستان بەسەرپەرشتی یەکێتیی تایکواندۆی کوردستان و بەهاوکاری لقی کەرکوکی یەکێتییەکە لە شاری کەرکوك لە هۆڵی چالاکی و وەرزشی قوتابخانەکان بەبەشداری هەریەك لە یانەکانی (سێمێل، کەرکوك، کەیوان، شۆریجە، گارە، زێرەڤانی )پاڵەوانێتی تایکواندۆی یانەکانی کوردستان بەڕێوەچوو، یانەکانی بەشداربووش لە کێشەکانی ٥٨کگم تاکو+٨٠کگم کێبڕکێیان دەکرد لەسەر بەدەستهێنانی پلەکانی پێشەوە، ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە هیچ لە یانەکانی هەریەك لە شارەکانی هەولێروسلێمانی بەشداری پاڵەوانێتییەکەیان نەکرد، ئەنجامی یانەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوەبوو.

١-یانەی کەیوان
٢-یانەی سێمێل
٣-یانەی شۆریجە

# لۆکاس مۆرا: دوا ڕۆژم لە پاریس سان جێرمانە

دوای ئــەوەی یانەی پاریس ســان جێرمان-ی فەرەنســی لــە دەوحەی پایتەختــی قەتــەر بەفەرمــی لــە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا ئەستێری بەرازیلی لۆکاس مۆرای پێشکەش بە دەزگا ڕاگەیاندنەکان کرد.

یانەی پاریس ســان جێرمان بە بڕی ٤٠ ملیۆن یۆرۆ گرێبەســتی لەگەڵ لۆکاس مۆرا مۆرکردووە، ئەم یاریزانە لە یانەی ساوپاولۆ یاری دەکرد و یانە گەورەکانی ئەورووپا وەکو ئەی ســی میلان و مانچستەر یۆنایتد هەوڵیاندا گرێبەستی لەگەڵ مۆربکەن.

لە لێدوانێکیدا لۆکاس مۆرا گوتی: پاریس سان جیرمان تیپێکی گەورەیە و هەردەم گەشە دەکات و لیۆناردۆ زۆر یارمەتی دام بۆ ئەوەی ئەم بڕیارە بدەم تا کۆتایی ئەم ساڵ لە خولی بەرازیل بەردەوام نەبم.

لــۆکاس مۆرای تەمەن ٢٠ ســاڵ گوتی: پاریس سان جێرمان مێژوویەکی گەشی لەگەڵ یاریزانە بەرازیلییەکان هەیــە و هەوڵ دەدەم مێژوویەکی نوێ بنووســمەوە و ئامانجم بە دەستهێنانی نازناوە.

لــە کۆتایــی قســەکانیدا لۆکاس مۆرا گوتی: دەمەوێت ببمە باشــترین یاریزانی جیهان.



# یواکیم لۆف:
# پێویستمان بە بردنەوەی نازناو هەیە

راهێنەری هەڵبژاردەی ئەڵمانیا یواکیم لۆف هەوڵ ئاستی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا پێش بخات بۆ ئەوەی بتوانێت نازناو بە دەستبهێنێت و بگاتە جامی جیهانی ٢٠١٤ لە وڵاتی بەرازیل.

لە لێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی ئەڵمانیا یواکیم لۆف گوتی: زۆر گرنگە ئاستی یاریزانانی هەڵبژاردەکەمان پێش بکەوێت هەرچەندە لە چەند ساڵی رابردوو بەرزبوونەوەی ئاستەکە یەکجار خێرا بوو و پێشبینی دەکەم بەم خێرایە بەردەوام نەبێت.

لە درێژەی قسەکانیدا یواکیم لۆف گوتی:تیپەکانی تر ئیرەیی بە هەڵبژاردەی ئەڵمانیا دەبەن، چونکە کۆمەڵە یاریزانێکی لاوی بە توانای هەیە، بەڵام ئەم یاریزانانە پێویستە خۆیان پێش بخەن بۆ ئەوەی بتوانین نازناو بە دەست بهێنین.






# راهێنانی کەمکردنەوەی کێش

دوای ئەوەی لە ژمارەکانی رابردوودا چەند راهێنانێکمان بڵاوکردەوە، لەم ژمارەیەشدا راهێنانێکی دیکە بڵاو دەکەینەوە، بەڵام پێویستە لەسەر هەموو لایەك پێش جێبەجێکردنی ئەم راهێنانە پەیڕەوی ئەم ٣ خاڵەی خوارەوە بکەن.

١-دەبێت راهێنانەکان بەشێوەیەك ئەنجام بدەن، کە تووشی سەرسووڕان و ماندوو بوون نەبن.


٢- بەهیچ شێوەیەك نابێت ئەم راهێنانە دوای نان خواردن ئەنجام بدرێت.

٣- پێش ئەنجامدانی ئەم راهێنانە دەبێت بەشێوەیەکی باش مەشقی خۆ گەرم کردنەوە وەکو (یارییەکانی سویدی) ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی تووشی هیچ ئازارەیەکی لە ناکاو نەبن.


دەبێت یەکەمجار لەسەر زەوی درێژ بێت و دەستەکان لە پشت سەر دابندرێت و قاچەکان لەسەر زەوی درێژ بێت، دواتر سەر و شانەکان بەرزبکرێتەوە بۆ سەرەوە بە پشت بەستن بە هێزی کەمەر نەك هێزی دەستەکان و هەوڵ بدرێت هەردوو ئەنشك بە یەك بگەن بۆ ماوەی ١٠ چرکە، پاشان دەگەڕێنەوە ئاراستەی یەکەم.

ئەم مەشقە ١٠ جار دووبارە دەکرێتەوە.





١


٢


٣


٤


٥


# یاریزانەکانی پڕ داهات لە ساڵی ٢٠١٢

لە کۆتایی ئامارەکانی ساڵی ٢٠١٢ بە پێویستمان زانی لیستی ئەو یاریزانانە ئاشکرا بکەین، کە لە رووی داهاتەوە لە پلەکانی پێشەوە دێن بەهۆی بەرزیی گرێبەست و مووچە و ئەنجامدانی ریکلام بۆ چەند کۆمپانیایەکی گەورەی جیهانی، کە بەمشێوەیە.

١-ئەستێرەی یانەی بەرشلۆنە و هەڵبژاردەی ئەرژنتین لیۆنێل میسی لە پلەی یەکەم دێت دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٢، توانی ٣٣ ملیۆن یۆرۆ وەکو داهات کۆبکاتەوە.

٢- یاریزانی یانەی لۆس ئەنجلۆس گلاکسی ئەمەریکی و هەڵبژاردەی ئینگڵتەرە دیڤید بێکهام لە ساڵی ٢٠١٢، داهاتی

# ٢٠١٢ بەناوبانگترین دە هاوڕێی یاریزانانی تۆپی پێ لە ساڵی


١


٢


٣


٤


٥

رۆژنامەکانی جیهانی هەردەم بایەخ بە ژیانی تایبەتی وەرزشوان دەدەن جا چ لە رووی کۆمەڵایەتی یاخود لە رووی کارە خێرخوازییەکان یان بە پێچەوانەوە، ئەمەی خوارەوە لیستی بە ناوبانگترین دە کچە هاوڕێی یاریزانانی تۆپی پێن لە ساڵی ٢٠١٢ یە.

١-یاریزانی هەڵبژاردەی هۆڵەندە و یانەی ئەنتەر میلان ویسلی شنایدر و خێزانەکەی یۆلانی شنایدر.

٢- یاریزانی هەڵبژاردەی هۆڵەندە ڤان دێر ڤارت و خێزانەکەی سیلڤیا.



٦



٧



٨



٩




١٠

٣١,٥ملیۆن یۆرۆ بوو.

٣-ئەستێرەی یانەی ریال مەدرید و هەڵبژاردەی پورتوگال کریستیانۆ رۆناڵدۆ لە ساڵی ٢٠١٢، داهاتی ٢٩,٢ ملیۆن یۆرۆ بوو.

٤-یاریزانی یانەی ئەنجی رووسی و هەڵبژاردەی کامیرۆن ساموێل ئیتۆ لە ساڵی ٢٠١٢، داهاتی ٢٣,٣ ملیۆن یۆرۆ بوو.

٥-ئەستێرەی یانەی مانچستەر یۆنایتد و هەڵبژاردەی ئینگلتەرە وانی رۆنی لە ساڵی ٢٠١٢، داهاتی ٢٠,٦ ملیۆن یۆرۆ بوو.


٦-یاریزانی یانەی مانچستەر سیتی و هەڵبژاردەی ئەرژەنتین ئەگوێرۆ لە ساڵی ٢٠١٢، داهاتی ١٨,٨ ملیۆن یۆرۆ بوو.

٧-یاریزانی یانەی مانچستەر سیتی و هەڵبژاردەی کۆتی دیڤوار یایا تۆریە لە ساڵی ٢٠١٢، داهاتی ١٧,٦ ملیۆن یۆرۆ بوو.

٨-یاریزانی یانەی چێلسی و هەڵبژاردەی ئیسپانیا فرناندۆ تۆریس لە ساڵی ٢٠١٢، داهاتی ١٦,٧ ملیۆن یۆرۆ بوو.

٩-یاریزانی یانەی بایرەن میونیخ و هەڵبژاردەی ئەڵمانیا فلیپ لام لە ساڵی ٢٠١٢، داهاتی ١٦,٧ ملیۆن یۆرۆ بوو.


١٠-یاریزانی یانەی ریال مەدرید و هەڵبژاردەی بەرازیل کاکا لە ساڵی ٢٠١٢، ١٥,٥ ملیۆن یۆرۆی کۆکردەوە.




٦




٧



٨



٩



١٠

٣-یاریزانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یانەی ریال مەدرید ئیکر کاسیاس و هاوڕێیەکی سارە کاربۆنێرۆ.

٤-یاریزانی هەڵبژاردەی ئینگلتەرە و یانەی چێلسی ئەشلی کۆل و خێزانەکەی شیریل.

٥-یاریزانی یانەی ئەی سی میلان بواتینگ و هاوڕێیەکی نمایشکەری جل و بەرگ میلیسا ساتا.

٦-ئەستێرەی یانەی بەرشلۆنە و هەڵبژاردەی ئەرژەنتین لیۆنێل میسی و هاوڕێیەکی ئەنتۆنێلا رۆکۆتزۆ.

٧-یاریزانی یانەی ریال مەدرید و هەڵبژاردەی ئەڵمانیا سامی خزێرە و هاوڕێیەکی لینا جێرك.

٨-ئەستێرەی یانەی ریال مەدرید و هەڵبژاردەی پورتوگال کریستیانۆ رۆناڵدۆ و هاوڕێیەکی کچە نمایشکەری جل و بەرگی رووسی ئێرینا شایك.

٩-یاریزانی یانەی گلاکسی لۆس ئەنجلۆس ئەمەریکی دێڤید بێکهام و خێزانەکەی ڤیکتۆریا بێکهام.

١٠- یاریزانی یانەی بەرشلۆنە و هەڵبژاردەی ئیسپانیا جێرارد پیکیە و هاوڕێیەکی کچە گۆرانیبێژی کۆڵۆمپی شاکیرا.